بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
132
10 ی ئایار/ مەی 2026



## تەحەدداکانی بەردەم سەرۆکوەزیرانی عێراق!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣




## ڕۆڵی گەرووی هۆرمز لە جەنگی ئەمریکا و ئێراندا!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥

## پەیوەندی ئێران بە روسیا و چینەوە!

عوسمانی حاجی مارف.......بۆ لاپەڕە ٦



## یەکی ئایاری ٢٠٢٦؛ هاواری کرێکاران لە نێوان نۆژەنکردنەوەی نەخشەی دەسەڵات و دەنگی تەقینەوەدا!

توانا محمد نوری

بۆ لاپەڕە ٨




## بژاردەی جەنگ و قەیرانی سەرمایەداری!

کاوە کەریم

بۆ لاپەڕە ١٢

* چالاکیەکانی ڕێکخستنەکانی حیزب بەبۆنەی یەکی ئایارەوە.... لاپەڕە ١٤
* کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر لە لاپەڕەکانی دیکەدا!

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



## ئۆپۆزیسیۆنی ساختەچی!

موحسین کەریم

لەدوای ٢٠٠٩ ەوە لەناو خێزانی بۆرژوازی کورددا دەستەواژەیەکی سیاسی سەری هەڵداو رەواجی پەیداکرد، بەناوی دەستەواژەی ئۆپۆزیسیۆن! هەڵبەتە پێش ئەو مێژووە، دوو حزبی بزوتنەوەی کوردایەتی؛ یەکێتی و پارتی، وەکو دوو هێزی دژ بەیەک بەردەوام لە کێشمەکێشدا بوون بۆ پاوانکردنی سەرکردایەتیکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی و لەو رێگایەشەوە رەسمیەت و شەرعیەت وەگرتن وەکو نوێنەری تاقانەی بۆرژوازی کورد، بەڵام هیچکامیان ئامادە نەبووە وەکو ئۆپۆزیسیۆنی ئەوی دیکە خۆی ناوزەدبکات یاخود ئەو پێگەیە قبوڵ بکات. دوو هێزی چەکدار، ئامادەنین لەڕێگای ململانێی سیاسیەوە پرسی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵات یەکلایی بکەنەوە، بەڵکو هەمیشە لولەی چەکەکان فاکتەری یەکلاکەرەوە بووە. سەرەنجام، لەناو پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا، دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان خۆیاندا بەپێی هاوکێشەی هێزی سەربازی دابەشکراوە، کە لەسەرەوە بەڕواڵەت حکومەتێک هەیە، بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشێوەی واقعییش دوو ناوچەی دەسەڵات، دوو زۆنی سەوز و زەرد، دەسەڵاتی بەکردەوەی ئەو دوو هێزە بەرجەستە دەکات.

لەدەرەوەی ئەو دوو حزبەوە، کۆمەڵێک حزبی دیکەی بۆرژوازی کورد، لە ئیسلامی و ناسیۆنالیستی بەدرێژایی دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە هەبوون، کەچی هیچکات بانگەشەی ئەوەیان نەکردوە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی........ ئۆپۆزیسیۆنی ساختەچی!

دەسەڵاتەن، بەڵکو بەپلەی سەرەکی کێشمەکێشیان لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا بەدەوری ئەوەدا سوڕاوەتەوە کە کام لەو دووحزبە ئامادەبووە ئیمتیازێکیان بداتێ و لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا، بەشدارییان پێبکات، خۆیان وەکو هاوپەیمانی ئەو حزبە ناساندوە. بەڵام دوای ئەوەی نەوشیروان مستەفا، بەو ئومێدە ئەرخەوانیەی کە دەتوانێ سیستەمی حوکمڕانی کوردستان لە دەسەڵاتی میلیشیاییەوە بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی دامەزراوەیی، لە ساڵی ٢٠٠٩دا بزوتنەوەی گۆڕانی دروستکرد، بزوتنەوەکەی خۆی وەکو هێزێکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن ناوزەد کرد و پروپاگەندەی ئەوەی کرد کە لەرێگای خەباتی سیاسی و پەرلەمانیەوە دەستاودەستی دەسەڵات لە کوردستان دەکات، بەوجۆرە و بەپشتیوانی ئەو هێزەی لە دەوری کۆبووبوەوە، دەسەڵات لەرێگای دەنگدانەوە لە یەکێتی و پارتی وەردەگرێتەوە!

بەدەر لەوەی نەوشیروان بەڕاستی باوەڕی بەوە هەبووە کە لەرێگای ئەو ستراتیژەوە دەتوانێ پارتی و یەکێتی لەدەسەڵات بخات، یاخود ئەم بانگەشەیەی سیاسەتێکی پۆپۆلیستیانە بوو بۆئەوەی جەماوەرێکی زۆری خەڵک کە خوازیاری گۆڕانکاری لە دۆخی سیاسی و ئابوری کوردستاندا بوون و لەدەسەڵاتی چەتەگەری و تالانچی و سەرکوتگەر و دژە ئازادی یەکێتی و پارتی توڕەو نارەحەت بوون، بەشوێن خۆیدا کێش، بەڵام سەرەنجام دوای یەک دوو دەورە لە هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی، لەجیاتی وەرگرتنی دەسەڵات لە پارتی و یەکێتی، خۆشی بووە شەریکی دەسەڵاتە میلیشیایی و تالانچی و سەرکوتگەر و گەندەڵەکەیان!

لەوکاتەوە ئیتر ئەو هێزانەی دەرەوەی یەکێتی و پارتی، کە بەشێکیان پێشتر لە ساتوسەودا لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا گۆشەیەکی دەسەڵات و خێرو بەرەکەتی کوردستانیان بەردەرکەوت، خۆیان وەکو هێزی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن دەناساند کە گوایە ئامانجیان بەرگریکردنە لە خواست و دواکاریەکان و مافەکانی خەڵکی کوردستان و هەول دەدەن لەرێگای دەنگدان و خەباتی پەرلەمانیەوە نفوزی سیاسی و توانای فشارکردنیان لەسەر یەکێتی و پارتی و رادەی بەشدارییان لە بڕیاری سیاسیدا زیاتر و کاریگەرتر بێت، بەوجۆرە، ئەمجارەیان بەناوی بەرگری لە مافەکانی خەڵکەوە دەستیان لە نازو نیعمەتی دەسەڵات گیرببێت! لەناو ئەو هێزانەدا و لەسەر لاشە مرووودی بزوتنەوەی گۆڕان، چەندین ڕەوتی سیاسی دیکەی پۆپۆلیستی بەناوی جۆرواجۆرەوە سەریان هەڵدا کە هەولیاندەدا ئەو توڕەییەی خەڵک لەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کە گۆڕان ئاوی ساردی بەسەردا کرد، گەرم بکەنەوە. یەکێک لەو لایەنانە نەوەی نوێ بوو کە بە پروپاگەندەی قەبەی دژە یەکێتی و پارتی، کە هەندێجار تارادەی هەرەشەی هەڵواسینی سەرانی یەکێتی و پارتی دەرۆیشت، خۆی وەکو تاکە هێزی نەیاری راستەقینەو سازشهەڵنەگری ئەو دەسەلاتە بنەماڵەییە هەڵدەخست!

بێگومان بەشێک لە خەڵکی تورە لە دەسەڵاتی مافیایی یەکێتی و پارتی، بەهۆی لاوازی ئۆپۆزیسۆنی کرێکاری و کۆمۆنیستیەوە، بەناچاری پاڵی دا بەم هێزە ئۆپۆزیسیۆنانەی بۆرژوازی و بەپلەی سەرەکی نەوەی نوێ وە، کە توانی لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ١٥ کورسی مسۆگەر بکات و وەکو "هێزی سێهەمی پەرلەمانی" دەربکەوێ! ئەو سەدانهەزار دەنگە تورەو نارازیە لەسەر ئەو بنەمایە کۆکرابووەوە کە سەرۆک و ئەندام پەرلەمانەکانی نەوەی نوێ بەشێوەی توند و زۆرجار تەنانەت بەشێوەی سوکایەتپێکردن رەخنەیان لە بەرپرسانی یەکێتی و پارتی دەگرت! بەڵام دوای ئەوەی سەرۆکی نەوەی نوێ لەلایەن یەکیتیەوە زیندانی کرا، دوای چەند مانگ زیندانی و هەر لەناو زیندانەوە، خۆی وەکو برابچووکی بافڵ تاڵەبانی ناساند و ئاراستەی سیاسەتی بەرەو لای یەکێتی و دژی پارتی وەرگێڕا! ئێستا ئیتر نەوەی نوێ بەشێکی پێوەلکاوی جەستەی یەکێتیە کە بەپێی بەرژەوەندیەکانی یەکێتی هەڵسوکەوت دەکات و هەموو بابەتی دژایەتیکردنی دەسەلات بۆی بوەتە راستکردنەوەی لاسەنگی بە قازانجی یەکێتی دژی پارتی! لەکاتێکدا خەڵکی نارازی کوردستان زیاتر لە سێ دەیەیە بەدەست دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیەوە دەناڵێنن و بەدڵ خوازیاری ژێرەوژووربوونی دەسەڵاتەکەیانن!

★

**ئۆکتۆبەر** بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# تەحەدداکانی بەردەم سەرۆک وەزیرانی عێراق!

عوسمانی حاجی مارف

ناتوانین لە درێژەدان بە دۆخی ناسەقامگیری سیاسی عێراق، تێبگەین بەبێ ئەوەی باس لە دابەشبونی حوکمڕانی لەنێوان هێزە میلیشیا ئیسلامی و قەومی و تائفیەکان نەکەین، یان پێویستە پەردە لەسەر ڕۆڵی گەندەڵیان لابدەین، کە بەشێکی بنەرەتی پێکهاتەی سیستەمی سیاسی عێراقە. گەندەڵی لە عێراقدا تەنها دیاردەیەکی تێپەڕ و کاتی نیە، بەڵکو تۆڕێکی ئاڵۆزی چڕی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکانە، کە دەوڵەت و لایەنە سیاسیەکان و بازرگانەکان و چەتەکان تێیدا بونەتە یەکەیەک.

هەڵبەتە هەوڵدانی ڕای گشتی بۆ گۆڕانکاری هێشتا نەیتوانیوە پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە لە چۆنیەتی پێکهاتەی دەسەڵات بەدوای خۆیدا بهێنێت، هۆکارەکەی لە خودی چۆنیەتی پێکهاتەی پەرلەمان و هەڵبژاردنەکانیدا نیە، بەڵکو لە سروشتی ئەو سیستەمە سیاسیەدایە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە سایەی داگیرکاری ئەمریکادا بەڕێوەدەبرێت، کە لەسەر بنەمای تێکەڵەیەکی ئاڵۆز و سازادان لەنێوان نوخبە و هێزی میلیشیاو دابەشکردنی دەسەڵات و پشکی سیاسی لەنێوان هێزە تائیفی و ئیسلامی و نەتەوە پەرستی دامەزراوە.

ئەم سیستەمە بەهیچ جۆرێک لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەڕێوەناچێت، بەڵکو بە ئاستی هاوسەنگی هێزە دەخالەتگەرەکان لە پێکهێنانی حکومەتدا کاری لەسەردەکرێت، کە توانایەکی سەرنجڕاکێشیان بەخشیوە، لە هەڵمژین و بنبەستکردنی هەر گۆڕانکاریەک، تەواوی کۆمەڵگەیان کردۆتە بارمتە، بۆ پاراستنی دەسەڵات و تاڵانچێتی و جەردەیی، کە جگە لەراپەڕینێکی سەراسەری بەهێز ڕێگایەکی تر نیە بۆ ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حکومەتدا.

لەم چوارچێوەیەدا هەڵبژاردن و دامەزراندنی سەرۆک وەزیران، نمونەیەکی ڕونە بۆ سنورداربونی دەور و کاریگەری هەڵبژاردن، هەڵوێستەکە لەبری ئەوەی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئیرادەی دەنگدەران بێت، دەبێتە دەرئەنجامی حەتمی دانوستانە درێژخایەنەکانی نێوان سەرکردەکانی بلۆکە سیاسیەکان، لەڕاستیدا ڕۆشنە کە دامەزراندنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران ڕەنگدانەوەی ململانێ و خواستی نوخبەکانە بۆ پاراستنی پێگەی سیاسیان.

کاتێک نزار ئامیدی سەرۆک کۆماری عێراق ئەرکی پێکهێنانی حکومەتی نوێی بە عەلی زەیدی سپارد، دوای چەند هەفتەیەک لە بنبەست و ئیفلیجی. ئەو دەستبەکاربوونە دوای ئەوە هات کە هێزەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" لەسەر عەلی زەیدی وەک سازشکردنێک لەنێوان خۆیاندا ڕێکەوتن، دوای کێشەی بەرچاو و ناکۆکی قووڵ و کێبڕکێی ڕوون بۆ ئەو پۆستە.

جگە لەوەش، دابەشبون لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز، لەناو بلۆکە سیاسیەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە بەردەوامکردنی ئەو دۆخە چەقبەستویەی لە ٢٠٠٣وە سایەی بەسەر حکومەتی بەغداد و حکومەتی هەرێمدا کردووە، هاوپەیمانەکان بەتایبەتی لەناو دامەزراوەی سیاسی شیعە و چوارچێوەی هەماهەنگی کە زاڵن بەسەر حکومەتدا، بۆ خۆشیان یەکگرتو نین، بەڵکو هەمیشە بە کۆبونەوەی هەلپەرستانە و سەوداو مامەڵە لە نێوان سەرکردە ڕکابەرەکاندا بەڕێوە دەچێت.

هەر لایەنێک لەو مامەڵەیەدا هەوڵدەدات کاریگەری خۆی بچەسپێنێت، بەبێئەوەی ڕێگە بە کەسانی دیکە بدات بەسەریدا تێپەڕن، ئەمەش زاڵبونی ئەو دۆخەیە، کە گۆڕانکاری لە چوارچێوە پێکهاتەی حکومەتی ئێستادا زەحمەتە، تا چاکسازیش قبوڵ بکات، لە چوارچێوەیەکی وەهادا، هەر بۆیە پاراستنی دۆخی ئێستایان کردۆتە ئەولەویەتێک بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر هەر گۆڕانکاریەکدا.

ئەم تۆڕە میلیشیاییە تەواو سوودمەندن لە پاراستنی دۆخی ئێستایان، خاوەنی چەندین ئامڕاز و ئیمکاناتن بۆ وەستانەوە بەرامبەر هەر پرۆسەیەکی چاکسازی کە بزانن هەڕەشەیە بۆ سەریان، تەنانەت کاتێک هەتا گەر هەڵبژاردن ڕووخساری نوێ یان گوتارێکی جیاوازیش بهێنێت، بەئاشکرا دەتوانن پێچێکی سیاسی بخەنە گەڕو جارێکی تر هەمان پێگە و دەوری خۆیان لە پێکهێانی حکومەتدا بەرجەستە بکەنەوە. زۆربەی لایەنەکانی عێراق، بە ئاشکرا لە دەوری کەسایەتی یان سەرکردەیەک دەسوڕێنەوە، نەک بیرۆکە یان پرۆژەیەکی سیاسی و ئابوری، هەر بۆیە جەختکردنیشیان زیاتر خەمی پاراستنی کاریگەری خۆیانە نەک بەدواداچوونی ئایندەکی ڕۆشن بۆ عێراق.

لە لایەکی دیکەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکانی تشرینی ٢٠١٨، لە ئاستێکدا دەور و کاریگەریان بو لە ڕاچڵەکاندنی لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت، تا ئەو ئاستەی هەندێک لە هێزە سیاسیەکان ناچار بوون گوتارێکی ڕیفۆرمخوازانە بگرنەبەر،

⇦

هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕووکەش ڕایانگەیاند، لە دنیای واقعیشدا گوتارەکانیان وەرنەگێردرا بۆ پشتیوانی لە هەر ئالوگۆڕێک کە وەڵام بە خواستەکانی جەماوەری ناڕازی بداتەوە.

ڕۆڵی فاکتەری دەرەکی هەمیشە لایەنێکی بەرجەستەی ئاڵۆزکردنی دۆخی سیاسی عێراق و پێکهێنانی حکومەتەکانی بووە، عێراق لە سەنتەری ململانێیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدایە، بەتایبەتی دەرگیربونی لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێراندا لە دۆخێکی تەواو سەخت و ئاڵۆز و ناجێگیری بەردەوامدا بووە، ئەم هاوسەنگیە دەرەکیە لە ناوخۆدا لەسەر تەواوی لایەنەکان ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی بەشێکی زۆریان لە شیعەکان بە گشتی و چوارچێوەی هەماهەنگی بێپەردە پاشکۆبونی خۆیان بۆ ئێران ڕاگەیاندووە، هەمیشەش کاریگەری لەسەر پێکهێنانی حکومەتەکان داناوە. لەم چوارچێوەیەدا تاقیکردنەوەی دامەزراندنی عەلی زەیدی کە تواناکانی بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت ڕۆشن نیە، بۆیە زیاتر وەک کارێکی تایبەت بە ڕێکەوتن و سازشی نێوان لایەنەکان لێکدەدرێتەوە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ناتوانێت گەرەنتی جێگیری سیاسی بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەوەی شایانی باسە لەم دۆخەدا جێگای پەسەندی هەر یەک لە ئەمریکا و ئێرانە.

لەم نێوەدا یەکەم تەحەددایەک ڕووبەڕووی زەیدی دەبێتەوە پێکهێنانی حکومەتە، ئەمەش ئەرکێکی زۆر هەستیارە بە لەبەرچاوگرتنی وادەی دەستووری کە لە ٣٠ ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئەم ئەرکە زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەرەوە، وەک کاریگەری هاوسەنگی هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بەتایبەتی هاوسەنگی نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەمەش پێویستی بە بەڕێوەبردنی وردی ئەم هاوسەنگیانە دەبێت، تا کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری حکومەتی پێشبینیکراو نەبێت. هەروەها دابەشبوونە لەناو "چوارچێوەی هەماهەنگی"دا، کە لە ناکۆکی لەسەر ناوەکان بۆ دیاریکردنی پۆستە حکومیەکان زیاترە، ئەمەش وا دەکات گەیشتن بە کۆدەنگی لەسەر هاوبەشکردنی پشکەکان لەنێوان پێکهاتە سیاسیە جیاوازەکان و بلۆکەکاندا پرۆسەیەکی ئاڵۆز بێت، تا گەیشتن بە ئەگەری بنبەست و شکست. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەو وادە دەستووریە یەک مانگیەی بۆ زەیدی تەرخانکراوە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی کابینەکەی و حکومەتەکەی بۆ پەرلەمان بەبێ ئەنجام کۆتایی دێت. ئەمەش "چوارچێوەی هەماهەنگی" ناچار دەکات کاندیدێکی بەدیل دەستنیشان بکات، کە ئەگەری هەیە، جۆرێکی جیاوازی ململانێی سیاسی لێبکەوێتەوە.

تەحەددایەکی تر کە ڕووبەڕوی زەیدی دەبێتەوە، چاککردنەوەی پەیوەندیەکانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەت دەوڵەتانی کەنداو کە لەم دواییانەدا شایەتی گرژیەکی بەرچاو بوون لەدوای هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کە لەلایەن گروپە چەکدارەکانی عێراق کە سەر بە ئێرانن، دژی هەندێک دەوڵەتی کەنداو لەماوەی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەک و ئێران لەلایەکی ترەوە ئەنجامدرا. ئەمەش توانای زەیدی دەوێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری کوتلە لایەنگرەکانی ئێران لە عێراق و پێناسەکردنەوەی پێگەی عێراق لە چوارچێوەی هاوسەنگی هێزی ناوچەییدا.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو تەحەددایەش نابێت بە کەم بگیرێت کە زەیدی چۆن مامەڵەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکات، هاوکاتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، کە یەکێکە لە ئاڵۆزترین و هەستیارترین فایلەکان لە دیمەنی عێراقدا، تەحەددایەکە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە ڕووبەڕووی هەموو حکومەتەکانی عێراق بووەتەوە، بەهۆی زیادبوونی فشارەکانی ئەمریکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم گروپانە.

سەرەڕای هەموو ئەم تەحەددیانە، ناتوانرێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە ڕیزێکی بەرینی تورە و ناڕازی جەماوەری بەرهەمهێنەری جۆرێکی تر لە تەحەدان بۆ گۆڕانکاری، کە خواستیان پاکردنەوەی تەواو ئەو هێزە میلیشیا تالانچیە تائیفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستانەن، لەپێناو هەوڵدان بۆ ژیانێکی ئازاد و ئاسایش و خۆشگوزەران و یەکساندا.

قەیرانی حوکمڕانی لە عێراق قەیرانی تاک و حکومەت نییە، بەڵکو قەیرانی پێکهاتەیەکی سیاسیە کە لەگەڵ هەر تەحەددایەکی نوێدا ناتەواوی خۆی و تالانی و گەندەڵی و قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن هێزە میلیشیا ئیسلامی و نەتەوەپەرستی و تائیفیەوە بەرهەم دەهێنێتەوە، ئایندەیەکی تاریکی بەردەم بەشی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەبێت. ڕێگای ڕزگاری ڕاماڵینی تەواوی دامودەزگای سیستەمی سیاسی و هێزە میلیشیاکانە، بە دابینکردنی دەورو دەخالەتی ڕاستەخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەمەش گەورەترین تەحەددا دەبێت نەک تەنیا بەڕوی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، بەڵکو بە ڕوی تەواوی سیستم و پێکهاتەی حکومەتی ئێستای عێراقدا.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی**
**حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# ڕۆڵی گەرووی هۆرمز لە جەنگی ئەمریکا و ئێراندا!

عەبدوڵا مەحمود

لە جەنگی ٤٠ ڕۆژەی ئەمریکاو ئیسرائیل لە دژی ئیران، ئەوەی ئیرانی کردە کاراکتەریکی بەهێزی رووبەرووبوونەوەی جەنگ و لەوەش زیاتر ناکامکردنەوەی ئامانجە فراوانترەکانی ئەمریکا، گەرووی هۆرمز بوو.

پاساوەکانی ئەمریکا بۆ دەسپێکی جەنگ (چەکی ئەتۆمی "پیتاندنی یۆرانیۆم"، هێزە پرۆکسیەکان) دوو سەرەکیترین بانگەشە بوون و باسێک لە گەروی هۆرمز لە ئارادا نەبوو. بەدەستەوەگرتنی گەروی هۆرمز لەلایەن ئێرانەوە و کردنی بە بەرەیەکی جەنگی و بەکارهێنانی وەکو لێدان لە وزەی جیهانی، لەلایەکەوە ئامانجەکانی ئەمریکای گۆڕی و لەلایەکی تریشەوە بەرەیەکی جەنگی کردووە، "بەرەی جەنگی وزە" کە توانی باڵانسی نێوان ئەمریکاو ئیران لە جەنگدا بەتەواوی بگۆڕێت.

گەرووی هۆرمز لەلێکدانەوەکانی ئەمریکا و لە دەستپێکی جەنگدا، جێگایەکی نەبوو، ئەوەش بێتوانایی و سنورداربوونی خوێندنەوەی ستراتیجی و کاربەدەستە سەربازی و ستراتیجستەکانی ئەمریکا دەخاتە روو، کە پێشبینی بەدەستەوەگرتنی گەروی هۆرمزیان لەلایەن ئێرانەوە بەجدی نەگرتبوو.

هێرشە چڕ و وێرانکارییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل، لەسەرەتای جەنگەکەدا بۆسەر بەرپرسە باڵاکانی دەسەڵاتی ئیران و وێرانکارییەکی گەورەی بێسنور بۆسەر ژێرخانی ئێران، گورزێکی کەمەرشکێنی دا لە ئیران و تواناییەکانی بەتایبەتی توانای رابەری ئیران، بەڵام بەدەستەوە گرتن و فراوانکردنی جەنگ لەلایەن ئێران بە هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەی کەنداو و هاوکات داخستنی گەرووی هۆرمز... بەتەواوەتی هاوکێشەی جەنگی گۆڕێ و ستراتیجی جەنگی ئەمریکای بەسەر یەکدا ڕماند.

گەرووی هۆرمز لە دیدی ئێرانەوە تەنها دەروازەیەک و ڕێرەوێکی ئاوی و وزەو ئابوری نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو چەکێکی کاریگەری جەنگیشە لە راگرتنی باڵانسی هێز لەسەر ئاستی ناوچەکە و دنیادا. بۆ ئێران گەرووی هۆرمز بووە کلیلی گۆڕینی هاوسەنگی هێز و ڕێگایەک بۆ هێرشکردنە سەر وزەی جیهانی. جیا لەوانە گیرۆدەکردنی بازاڕ و گورز وەشاندن لە ئابوری لە ئاستی دنیادا، لەگەڵ هێرشی موشەکی درۆنی ئیران بۆسەر وڵاتانی کەنداو بەجیا لە بەرینکردنەوەی بەرەکانی جەنگ، بووە شێواندنی ئارامی ئەم دورگە هێمنەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و کردنی بە بەرەیەکی جەنگ، کە دەمێک بوو، ببوو بە سەکۆی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و تەنانەت ئیسرائیل.

دەستبردنی ئیران بۆ بەدەستەوەگرتنی گەرووی هۆرمز وەکو چەکێکی کاریگەر، هەر رووبەرووبوونەوە لەگەڵ هەرەشەکانی ئەمریکا بۆسەر دەسەڵاتی تاران نییە، بەڵکو بێدارکردنەوەی دنیا بوو لە کاریگەری و لێکەوتەکانی بەکاربردنی ئەو کارتە لەلایەن ئیرانەوە.

ئێستا هەر گفتوگۆیەکی نێوان ئەمریکا و ئیران و تەنانەت پیشمەرجی هەر دانوستاندنێکی نێوانیان، بەستراوەتەوە بە دۆسیەی گەروی هۆرمزەوە. واتە ئەوە گەروی هۆرمزە کە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا ناچار بە راگرتنی جەنگ بێت و بچێتە پای دانوستاندن. هۆرمز لە دەرەوەی بازنەی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئیرانەوە بۆتە سەنتیز و چەقی ململانێکەو کلیلی کۆتاییهینان بەو برگەیەی جەنگ.

هۆرمز کە پێش جەنگ کراوە بوو، داخستنی لەلایەن ئێرانەوە، باڵانسی هێزی گۆڕی و ئێستا بۆتە یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی نێوان ئەمریکا و ئیران، کە ئێران سەپاندی. واتە ئەوە هەر ئەمریکا نییە دۆسیە دروست دەکات و دەیکاتە پاساوی جەنگ یان گفتوگۆ، بەڵکو ئیران و جەمسەرو هیزە ناوچەییەکانیش بەهەمان شێوە دەتوانن کارتەکانی خۆیان بۆ بەرگری بەکاربهێنن.

کارتی هۆرمز، کارتی راگرتنی ملهوری ئەمریکا و گواستنەوەی جەنگ بوو لە شارەکانی ئێرانەوە بۆ دەریا و وزەی جیهانی و گیرۆدەکردنی دنیا بە ئەزمەی وزەوە.

ئەگەر دۆسیەو کارتی هۆرمز بەدەست ئێرانەوە نەبوایە ئیران ناچار بە ملدان بە خواستەکانی ئەمریکا دەبوو، گەرووی هۆرمز رێگای لە خۆرادەستکردنی ئیران بە مەرجەکانی ئەمریکا گرت و لەوەش زیاتر بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ راگرتنی جەنگ.

وەڵامە موشەکی و درۆنیەکانی ئیران بۆ وەستانەوە بەرووی ئەمریکا و ئامانجەکانیدا، بەپێچەوانەی بەدەستەوەگرتنی هۆرمز زۆر لاواز بوو. کارتی گەروی هۆرمز خاڵی بەهێزی ئیرانە...

هەوڵەکانی ئەمریکا چ لە رێگای گوشار و هیزی سەربازی و گەمارۆە بۆسەر هۆرمز، بۆ لەدەست دەرهینانی کارتی هۆرمزە لەدەست ئیران، بەڵام ئەو گوشارو ریگایانە تا چەندە دەتوانێت هۆرمز لەدەست ئێران دەربهێنێت؟ وا دێتە پیش چاو سەخت بێت ئەمریکا بتوانێت دۆخی هۆرمز ئاسایی بکاتەوە و بەر بەو گورزە بگرێت کە بەوزەی جیهانی بازاڕ وزە کەوتووەو دەکەوێت.

⇦

دەربازکردنی بازاری وزە و لەژێر کاریگەری دۆخی هۆرمزدا، تەنها بە بەهای پاشەکشەی ئەمریکا لە داسەپاندنی خواستەکانی بەسەر ئێراندا دەتوانێ مەیسەر بێت. دۆسیەی چەکی ئەتۆمی و هێزە پرۆکسیەکان، ئێستا گرێی خواردووە بە ئەزمەی گەرووی هۆرمزەوە.

درێژەکێشانی دۆخی نە جەنگ نە ئاشتی و دانوستاندنە لەرزۆکەکان، لە ژێر سایەی بەردەوامی هەرەشەکان و بێتوانایی لە دوبارە وەرێخستنەوەی جەنگ، ئەزمەیەکی نوێیە، کە دەرهاویشتەی جەنگێکی بێ ستراتیجە کە ئەمریکا بەرپرسە لە هەڵگیرساندنیدا.

نارەزایەتی ملیۆنی بە جەنگی تاکلایەنەی ئەمریکا و تورەیی ملیۆنی بەهۆی گران بوونی نرخی سوتەمەنی و تەریک کەوتنەوەی ئەمریکا لە مامەڵە لەگەڵ جەنگی ئێراندا، بنبەستێکە باجی قورس دەخاتە سەر ئەمریکا. ئەمریکا لەڕێگای داسەپاندنی جەنگ بەسەر ئێراندا و بە پاساوی راگرتنی ئێران لە دەستراگەیشتن بە "چەکی ئەتۆمی و کۆتاییهێنان بە رۆڵی هێزە پرۆکسیەکانی ئێران"، ویستی ئێران ناچار بکات بچێتە چوارچێوەی بازنەی بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە کۆسپەوە بیکاتە هاوکاری بەرژەوەندیەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، و بیگۆرێت بە هاوکارێکی ناوچەیی، بەڵام جەنگ ئەو مەودایەی نێوان ئێران و ئەمریکای زیاتر و قوڵکردەوە. گورزی سەربازیش لە بەرامبەر گورزی وزە و داخستنی گەروی هۆرمزو تیوەگلانی ولاتانی کەنداو گۆرینی بە جێگایەکی نائارام، ئەمریکای ناکام هێشتۆتەوە. رێگا و بژاردەی سەرەکی بەردەم ئەمریکا لە دۆخی ئەزمەگرتووی ئێستادا پاشەکشەو دەرچوونە لەو ئەزمەیە تەنانەت ئەگەر بەهاکەی سەختیش بێت، چونکە بەهای درێژە دان بەو دۆخەی ئێستا و درێژە کێشانی تا دێت سەختر و قورستر دەبێت...

**ناوەراستی ئایاری ٢٠٢٦**

# پەیوەندی ئێران بە روسیا و چینەوە!

## عوسمانی حاجی مارف

بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی روسیا و چین و سەبارەت بە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران، پێش هەموشتێ پێویستە لەوە تێبگەین کە روسیا و چین، وەک بەشێک لە ململانێیەکی گەورەتر لەسەر دارشتنی نەزمی جیهانی سەیری شەڕەکە دەکەن. لە ئێستادا جیهان لەڕێڕەوی ئاراستەی گواستنەوە و کۆتاییهێنانە بە سیستەمێکی یەک جەمسەری، کە ئەمریکا لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە بەرجەستەی کردووە، ئەو ئاراستەیە بۆ سیستەمێکی نێودەوڵەتی فرە جەمسەری، کە لەلایەن ململانێی زلهێزە سەرهەڵداوەکانەوە خەریکە دەچەسپێنرێت.

لەئەنجامدا تێوەگلانی هەر قەیرانێک، کە ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەرەو روی دەبێتەوە، دەرفەتی ستراتیژی بۆ روسیاو چین دەرەخسێنێت. سەرەرای ئەوەش، شەڕی بەردەوام نیگەرانی روسیا و چین دەوروژێنێت، سەبارەت بەوەی کە ئەو قەیرانانە دەتوانێت، شەپۆلی ناسەقامگیری لە سنورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەرچێت و بەجیهاندا بلاو بێتەوە، وەک داخستنی گەرووی هورمز.لە لایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان چین و روسیا لە گەڵ ئێران، لەسەر بەرژەوەندی بازرگانی و ئابووری و هاوسەنگکردنی نفوزی ئەمریکا، لە ناوچەکەدا بنیات نراوە.هەروەها هەرکام لە روسیا و چین، ئەولەویەتی تریان هەیە کە ئێران ناگرێتەوە. چین گرنگی بە پرسی تر لەبەرامبەر ئەمریکادا ئەدا، دیارترینیان دەریای باشووری چین و تایوانە، کە وەک هەرەشە لەبەرامبەر ئەمریکادا مامەڵەی دەکات، لەلایەکی ترەوە روسیا بە پلەی یەکەم، سەرنجی لەسەر ئۆکرانیایە کە دەروازەی رۆژهەڵاتی ئەورووپایە و زاڵبوونە بەسەر دەریای رەشدا.

بەشداریکردنی ئەمریکا لە ململانێیەکی درێژخایەندا بەرامبەر زلهێزەکان، لە ئەنجامدا نوێنەرایەتی پێگەیەکی بەرەو پاشەکشە دەکات، لە دابەزینی رۆڵی ئەمریکا لە ئاستی جیهاندا، کە لەو حاڵەتەدا پەکین دەتوانێت خۆی وەک هێزێکی هاوسەنگی ئابووری و پیشەسازی، کۆنترۆڵی بازاڕی جیهان پیشان بدات، لەژێر رۆشنایی ئەگەری شکستی ئابووری ئەمریکا لە شەڕەکە و لە قەیرانەکاندا. بەڵام ئەوەش نابێت لە بیر بکەین، لەهەمانکاتدا درێژەی شەڕەکەو داخستنی هورمز هەرەشە لە ئاسایشی وزەی چین و پرۆژە ئابووریە زەبەلاحەکانی دەکات لە ناوچەکەدا، کە پەیوەندیان بە دەستپێشخەری پرۆژەی گەشەپێدان و رێگاوبانەوە هەیە، بەوپێیەی رێڕەوی دەریایی لە کەنداو نوێنەرایەتی خوێنبەرە سەرەکییەکانی بازرگانی جیهانی دەکات، کە بە خێرایی رەنگدانەوەی لەسەر ئابووری چین دەبێت.

سەبارەت بە روسیا، لە کاتێکدا سەرقاڵبونی ئەمریکا بە شەر، پێگەی مۆسکۆ لە قەیرانی ئۆکرانیا و ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی هێناوە بەهێزتر دەکات. لە کاتێکدا ئەمریکا سەرقاڵی شەڕە لە بەرامبەر ئێراندا، پێگەی مۆسکۆ لە قەیرانی ئۆکرانیادا بەهێز دەبێت، بەجیا لەوەی پەیوەندی ناتۆ و ئەمریکا لاواز دەبێت، لە هەمانکاتدا شەڕی ئەمریکاو ئێران و کاردانەوەکانی سەبارەت بە پەکخستنی بازارەکانی وزەی جیهانی دەبێتە هۆی دەستکەوتی ئابووری بەرچاو بۆ روسیا. ئاشکرایە کە شەڕەکە بەرژەوەندیەکان لە ناوچەکەدا تێکدەدات، لە هەمانکاتدا رەنگە پاڵ بە ئابووریە گەورەکانەوە بنێ بۆ خێراترکردنی گواستنەوەیان لە سەرچاوە تەقلیدیەکانی

وزە، ئەمەش لە درێژخایەندا زیان بە بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا دەگەیەنێت.

قەیرانی درێژخایەنی ئەمریکا، ڕۆڵی چین و ڕوسیا گرنگتر دەکات، چونکە شەڕە درێژخایەنەکان فرسەت و پێویستیەکی زیاتر بۆ لایەنەکانی دەرەوەی شەڕەکە دەرخسێنێت کە توانای دابینکردنی گەرەنتی سیاسی و ئابووریان هەبێت.

هەڵبەتە ڕژێمی ئێران بە باشی ئاگاداری سنووری دەستێوەردانی چین و ڕوسیایە، سەرەڕای ئەو هەڵسەنگاندنە باوەی کە هەردوو وڵات هاوپەیمانی ئێرانن، بەڵام ناکرێ تاران بە تەواوی پشت بە پشتیوانی چین و ڕوسیا ببەستێت. ئێران لەم شەڕەدا حساب بۆ ئەوە دەکات کە پشت بە درێژکردنەوەی شەڕەکە دەبەستێت بۆ پاڵنانی ڕای گشتی ئەمریکا و فشارخستنە سەر ئیدارەی ترەمپ تا بەو شێوەیە کۆتایی بە شەڕەکە بێت، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی زیانە گیانیەکانی سەربازانی ئەمریکی و بەرزبونەوەی خەرجیەکانی. بە هەمان شێوە لەناو خودی ئیسرائیلدا، خەڵکەکەی تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی بەرفراوان و زیانێکی قورس بونەتەوە، کە بووە هۆی زیادبونی کۆچکردن، ئەمەش دەتوانێت فشارێکی بەرچاوی گشتی و ئۆپۆزسیۆن لەسەر نەتانیاهۆ دروست بکات بۆ وەستاندنی شەڕەکە.

هەروەها شەڕێکی درێژخایەن دەتوانێت هاوسۆزی گشتی بۆ ئێران لە ناوچەکەدا دروست بکات، ئەو حکومەتانەی کە لە ململانێکاندا بێلایەن ماونەتەوە، بخاتە دۆخێکی چاوەڕوانی و سەختەوە، ئەمەش پاڵیان پێوەدەنێت بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی دیپلۆماسی بەرامبەر بە ئەمریکا و ئیسرائیل، وەک هەوڵەکانی ئیسلامئاباد بۆ دانوسەکان.

کاتێک شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێران کەوتە بەر گرژیەکانی داخستنی گەروی هورمز، چیتر وەک ڕوبەڕوبونەوەیەکی دوولایەنە نەمایەوە، ئەوەی ئاشکرا کرد کە یاریزانی دیکەش لە نێو مەیدانەکەدا هەن و پشتیوانی و پشتگیری پێشکەش دەکەن، بەڵام لە هەماکاتدا خۆیان لە ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرن، لەبەر ئەگەری ئەوەی نەک ببێتە هۆی جەنگی جیهانی سێیەم.

ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی ڕۆژئاوا بە ئاشکرا باس لە پشتیوانی ناڕاستەوخۆی چین و ڕوسیا بۆ ئێران لە کاتی ململانێ و شەڕەکان لەگەڵ واشنتۆن دەکەن، کەلە ڕێگەی کەناڵی تەکنیکی و تەکنۆلۆژی و ئابووریەوە بە ئامانجی درێژخایەنی جەنگ و ماندوکردنی ئەمریکایە. هەڵبەتە پەکین و مۆسکۆ باش دەزانن کە بەرژەوەندیەکانیان لە زیندوو ڕاگرتنی ململانێکاندایە، بەڵام لە چوارچێوەی سنوورێکدا کە ڕێگری لە ڕوبەڕوبونەوەی ئاشکراو ڕاستەوخۆ لەگەڵ واشنتۆن دەکات. هیچ هێزێکی چینی و روسی لە تەنیشت سوپای پاسدارانی ئێران شەڕیان نەکردووە، تا ئێستا هیچ هێرشێکی مووشەکی لە پەکین و مۆسکۆوە ئەنجام نەدراوە کە بنکەکانی ئەمریکا لە کەنداو بکاتە ئامانج.

بەڵام بۆچی چین و روسیا ئەم پشتیوانیە دەکەن؟ بۆ مۆسکۆ هاوکێشەکە سادەیە، تا واشنتۆن زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گیر بخوات، فشارێکی کەمتر لەسەر روسیا لە ئۆکرانیاوە دەخرێتە سەری. ئێران لای پوتین هاوپەیمان نییە بە مانای ئایدیۆلۆژی، بەڵکو ئامرازێکی بەنرخە بۆ سەرقاڵکردنی بەرامبەرەکەی.

بەڵام چین حیساباتی جیاوازی هەیە، پەکین نەک هەر دەیەوێت ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنبەست بکات، بەڵکو لە هەمانکاتدا دەیەوێت نیشانی بدات کە لە بەرامبەر ئەمریکادا هێزێکی گەورەیە و توانای تەحەدای نەزمی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی واشنتۆنی هەیە، پشتیوانی چین بۆ ئێران بەشێکە لە ستراتیژییەکی فراوانتر بۆ تێکدانی هەژموونی ئەمریکا.

چین بۆ بەشێکی بەرچاو لە پێداویستیە نەوتیەکانی پشت بە کەنداو دەبەستێت، هەر شەڕێکی ناوچەیی بەرفراوان دەتوانێت دابینکردنی وزە تێکبدات و گەشەی ئابووری چین بخاتە مەترسیەوە. بۆیە پەکین بە وریاییەوە مامەڵەی دۆخەکە و ململانێی لە گەڵ ئەمریکا دەکات. پێشکەشکەری پشتیوانی تەکنیکی و ئابووریە، بەڵام بەدەر لە دەرکەوتن لە هەر هەنگاوێک کە دەتوانرێت وەک پەیوەستبوون بە شەڕەوە لێکبدرێتەوە. لە هەمان کاتدا، کەناڵە کراوەکانی پەیوەندی لەگەڵ واشنتۆن دەپارێزێت، ڕەنگدانەوەی جیهانبینی چینی کە هەوڵدەدات دەسەڵاتی نێودەوڵەتی دابەش بکاتەوە، بەبێ ئەوەی مەترسی ڕوبەڕوبونەوەی کارەساتبار بکات.

لە واشنتۆنیش دۆخەکە ئاڵۆزە، ترەمپ کە تورەیی خۆی لە دەور و پاڵپشتی چین و رووسیا بۆ ئێران ناشارێتەوە، بەیاننامەیەکی پر هەڕەشەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند چین و روسیا باجێکی قورس ئەدەن!، بەڵام گومانی تیانیە کەجێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ئەم هەڕەشانە، لەبەرامبەر روسیا و چیندا مانایەکی عەملی لێناکەوێتەوە.

هەڵبەتە واشنتۆنیش بەتوندی خۆپارێزی لە پەرەسەندنی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەکین و مۆسکۆدا دەکات، چونکە دەتوانێت سیناریۆیەک بەدوای خۆیدا بهێنێت کە کەس نایەوێت، ئەویش جەنگی جیهانی سێیەمە، بۆیە زلهێزەکان لە ناچاریا بە وریاییەوە، سەما لەسەر لێواری چەقۆیەک دەکەن، کە هەر لایەک دەیەوێت بەهێز دەربکەوێت بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی دارمانی گۆی زەوی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم واقیعانە لەئێستادا زۆرترین ئەگەر ئەوەیە پشتیوانی چینی و روسیا سنووردارە و ناڕاستەوخۆ دەمێنێتەوە، ململانێ و بارگرژی لە ناوچەکە بەردەوامە و لە سنوردارکردنی واشنتۆن و تاراندا دەمێنێتەوە، ناوچەکەش لە دۆخێکی خراپ بونی هەمیشەیدا دەبێت. لەلایەکی تریشەوە ئەگەری ئەوە هەیە پشتیوانیەکانی روسیا و چین بۆ ئاستێکی بەرزتر هەنگاو بنێت، چین یان روسیا چەکی پێشکەوتوو، وەک سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئاڵۆز، یان موشەکی دوور مەودا، بۆ ئێران

دابین دەکەن، ئەمەش هاوسەنگی هێز دەگۆڕێت و وەلامێکی یەکلاکەرەوەتر لە واشنتۆنی لێدەکەوێتەوە، کە ئەگەری هەیە لێدانی ناڕاستەوخۆ لەناو خاکی روسیا یان چیندا لەخۆبگرێت!.

پاڵپشتی چین و روسیا بۆ ئێران پیلانێک نیە بۆ گردانی شەڕێکی جیهانی، بەڵکو بەشێکە لە گەمەیەکی ستراتیژی گەورەتر کە ئامانجی سەرلێشێواندن و ماندووکردنی واشنتۆنە، نەک لەناوبردنی سیستەمی نێودەوڵەتی. هەڵبەتە ئاراستەکە بەرەو ئەوە دەڕوات کە سیستەمی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری قووڵی بەسەردا دێت لە ئەنجامی ململانێ و گۆڕانی هاوسەنگی جەمسەرەکان و شەڕی بەردەوامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە هەندێک لە ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان، لەوانەش روسیا و چین، هەوڵدەدەن ڕۆڵێکی سیاسی ئاڵۆز بگێڕن کە پاراستنی هاوسەنگی ستراتیژی خۆیان لە ناوچەکەدا، تێکەڵ بکەن لەگەڵ سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە قەیرانەکان هیناویەتە پێشەوە، بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

چین و روسیا، دەیانەوێت ئەمریکا بە سەرقاڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بمێنێتەوە و سەرنجی خۆی لە سەر ئەوروپا و ئاسیا لاببات، بەم شێوەیە سەرچاوە و تواناکانی تەواو بکات. بەلام شەڕێکی تەواویان ناوێت کە بتوانێت بیانکێشێتە ناو تالاویکەوە، هیچ ڕێگایەکی دەربازبونیان نەبێت. بۆیە پێدەچێت ئەو ململانێیە لە چوارچێوەی شەڕی بە وەکالەت و ڕووبەڕووبونەوەی ناڕاستەوخۆدا بمێنێتەوە، هەڵبەتە ململانێی وڵاتانی سەرمایەداری، لەوپەڕی قوڵبونەوەی قەیرانەکانیدا، هیچ گەرەنتیەک ناناسن، کە ژیانی مرۆڤایەتی تەواو دەشێوێنێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەتوانین بڵێین کە ئێران ئەوەندە ئامانج نییە، راستە ئێستا گەمەکە ئێرانی کردۆتە مەیدانی ململانێی زلهێزەکان، دواتر لەم گەمەیەدا ئەگەری ئەوە هەیە کوبا و کۆریا و گەرشوێنێک پێویستیان بێت ئەم گەمەیەی تیا گەرم دەکەن. کۆتایی ئەم گەمانەش تەنها لە پرۆسەی ئەو جەنگە جیهانیەدایە کە پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لێکدادەبڕێ و بەتاڵی دەکاتەوە.

★

# یەکی ئایاری ٢٠٢٦؛ هاواری کرێکاران لە نێوان نۆژەنکردنەوەی نەخشەی دەسەڵات و دەنگی تەقینەوەدا!

**توانا محمد نوری**

ڕۆژی یەکی ئایاری ٢٠٢٦ لەکاتێکدا بەڕێوەچوو کە سێبەری شەڕ و ئاڵۆزییە سیاسییەکان جیهانی تەنیوە. ئەمساڵ یادەکە تەنها بۆنەیەکی پیشەیی نەبوو، بەڵکو گۆڕا بۆ نارەزایەتییەکی توند دژی ئەو جەنگانەی کە بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەی نفوز و دەسەڵات لە نێوان جەمسەرە جیاوازەکانی جیهاندا بەرپا کراون، کە تێیدا کرێکاران بوونەتە سوتەمەنی یەکەمی ئەو ململانێیانە.

لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهان، شەقامەکان لەبری ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ، شوێنەواری وێرانکارییان پێوە دیار بوو. خۆپیشاندەران لە شارە گەورەکاندا هاواریان دەکرد کە بودجەی وڵاتەکانیان لەبری ئەوەی بۆ کرینی چەک و تەقەمەنی و فراوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی خەرج بکرێت، پێویستە بۆ باشکردنی بژێوی خەڵک و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە تەرخان بکرێت کە بەهۆی بەرژەوەندی زلهێزەکانەوە خاپوور کراون.

لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی تری ململانێ، یەکی ئایار لە نێو دووکەڵی جەنگدا بەرێوە چوو. کرێکاران لەوێ ڕایانگەیاند کە ئەم شەڕانە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی خەڵکەوە نییە، بەڵکو تەنها هەوڵێکە لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە بۆ کێشانی نەخشەی نوێی ئابوری و سەربازی، کە باجەکەی تەنها چینی هەژار و مامناوەند دەیدات.

لە ئەمریکای باکوور و وڵاتانی ڕۆژئاوا، خۆپیشاندانەکان ڕەخنەی توندیان لە "ئابووریی جەنگ" گرت. کرێکارانی کەرتی پیشەسازی و گواستنەوە ئاماژەیان بەوە کرد کە حکومەتەکان بەبیانووی "پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی" و فراوانکردنی نفوزی خۆیان لە دەرەوە، مافە سەرەتاییەکانی کرێکارانی ناوخۆیان پشتگوێ خستووە و هەڵاوسانێکی بێوێنەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە.

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یادەکە بە ئازارێکی قووڵترەوە بەڕێوە چوو. لەکاتێکدا زلهێزەکان ناوچەکە وەک کێڵگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی چەک و جێگیرکردنی پێگەی خۆیان بەکاردەهێنن، کرێکاران لەم ڕۆژەدا داوای کۆتاییهاتنی دەستێوەردانە دەرەکییەکانیان دەکرد. ئەوان جەختیان کردەوە کە نان و ئازادی بۆ ئەوان گرنگترە لەو سنووورە سیاسیانەی کە بە خوێنی هەژاران دەکێشرێن.

ئەمساڵ لە ئاسیا، بەتایبەت لە ناوچە کەناراوەکان کە کێبڕکێی توندی هێزە دەریاییەکان هەیە، کرێکارانی بەندەرەکان مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند. پەیامی ئەوان ڕوون بوو: "ئێمە ئامادە نین کار بۆ ئامێرە

جەنگییەکان بکەین." ئەمە نیشانەیەک بوو بۆ تێگەیشتنی قوولّی چینی کرێکار لەوەی کە ململانێی دەسەلاّت چۆن ژێرخانە ئابورییەکانیان دەخاتە مەترسییەوە.

لەڕووی مرۆییەوە، بارودۆخی کرێکارانی ئاوارە کە بەهۆی شەڕی دەسەلاّتەوە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، تەوەری سەرەکی زۆربەی ڕاپۆرتەکان بوو. لە کەمپەکان و پەناگەکاندا، یەکی ئایار وەک ڕۆژێکی خەمناک بۆ ئەو ملیۆنان کرێکارە یادکرایەوە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتەکانیان وەک هێزی کاری هەرزان و بێماف مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

دیاردەی "دابەشکردنەوەی جیهان" کاریگەری ڕاستەوخۆی کردبووە سەر بازاڕی وزە و خۆراک. لە خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵدا، وێنەی ئەو سیاسییانە بەرزکرابووەوە کە بەرپرسیارن لە هەڵگیرساندنی شەڕەکان. دروشمەکان جەختیان لەوە دەکردەوە کە "دوژمنی کرێکار، چاوچنۆکیی دەسەلاّتدارانە" نەک کرێکارانی وڵاتانی دراوسێ کە ئەوانیش هەمان ئازار دەچێژن.

لەلایەکی ترەوە، سەندیکا نێودەوڵەتییەکان لەم ڕۆژەدا داوای "هاوپەیمانی دژی جەنگ"یان کرد. ئەوان ڕایانگەیاند کە چینی کرێکاری جیهانی نابێت ڕێگە بدات ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان حکومەتەکان، یەکگرتوویی ئەوان تێکبدات. ئەم هەڵوێستە وەک بەرهەڵستکارییەک دژی ئەو هەوڵانە بینرا کە دەیانەوێت کرێکارانی سەر بە نەتەوەو وولاتە جیاوازەکان بە ناوی نەتەوەپەرستییەوە بەدژی یەک هان بدەن.

گەنجانی خۆپیشاندەر بە بەکارهێنانی هونەری تەنزئامێز، گاڵتەیان بەو نەخشە و پلانانە دەهات کە زلهێزەکان بۆ داهاتووی جیهان دایانناوە. ئەوان نیشانیاندا کە جیهانێکی پارچەپارچەکراو بەپێی "ناوچەی نفوز" ناتوانێت گەرەنتی ئاشتی و سەقامگیری بکات، بەڵکو تەنها دەبێتە هۆی بەردەوامی ماڵوێرانی بۆ چینی بەرهەمهێنەر.

ژنان لەم نێوەندەدا، وەک گەورەترین قوربانیی شەڕ، دەنگێکی دلێریان هەبوو. ئەوان باسیان لەوە دەکرد چۆن شەڕی دەسەلاّت خێزانەکانی هەڵوەشاندووەتەوە و بارگرانییەکی ئابوری و دەروونی بێوێنەی خستووەتە سەر شانیان. داواکاری ئەوان بۆ "ئاشتییەکی دادپەروەرانە" بوو کە تێیدا مافی ژیان و کارکردن لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانەوە بێت.

لەکۆتاییدا، یەکی ئایاری ٢٠٢٦ بە پەیامێکی تاڵ بەڵام ڕاستگۆیانە کۆتایی هات: تا ئەو کاتەی جیهان مەیدانی کێبڕکێی دەسەلاّت و دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزو سەرچاوەکانی کەرەستەکان و بازاڕ بێت، کرێکاران لەنێو ماڵوێرانیدا دەمێننەوە. تەنها ڕێگە بۆ ڕزگاربوون، یەکگرتووییەکی ڕاستەقینەی جیهانییە کە بتوانێت بەڕووی ئەو شەڕانەدا بوەستێتەوە کە بە ناوی ئاسایش و لەڕاستیدا لەبەرژەوەندی سەرمایەداران و کۆمپانیاکانیان بەرپا دەکرێن.

★

# مەراسیمێکی ڕێزنان لە هاوڕێ شاکر الناصري ( فەهد ناصر) لە دانمارك بەڕێوەبرا!

بۆ بەرز ڕاگرتنی ژیان و خەباتی سیاسی هاوڕێ شاکر الناصری ( فهد ناصر) ، بەبەشداری خێزان، هاوڕێیان و کۆمەڵێک لە حزب و ڕێکخراوە و کەسایەتیی سیاسی، ڕۆژی ٣ی ئایاری ٢٠٢٦ لە کۆپنهاگن، مەراسیمێکی شکۆداری بۆ سازدرا. هاوڕێیانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق لە دانمارک و سوید بەشداریان لە مەراسیمەکەدا کردو پەیامی هەردوو حزب لەلایەن هاوڕێ فارس مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە پێشکەش کرا.





شایانی ووتنە هاوڕێ شاکر ساڵانێکی زۆر کادریکی چالاکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوو وە لە بەشی عەرەبی ڕادیۆی حزب کاری کردوە و دەیان وتار و بابەتی کۆمۆنیستی نوسیوەو دەوری بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە هەڵسوراوانی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە سەراسەری عێراقدا. هاوڕێ فەهد بەرلەوەی روو بکاتە کوردستان، بەهۆی چالاکی حزبیەوە رووبەرووی ڕەوەدونان دەبێتەوەو بە غیابی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت. هاوڕێ شاکر یەکێک بوو لە ئەندامانی ڕابەری ڕێکخراوی خوارووی ناوەڕاستی حزب . تا دوا ساتەکانی ژیانی لەسەر بیروباوەری کۆمۆنیستی کرێکاری و ئامانجە ئینسانی و یەکسانیخوازەکانی پێداگرو وەفادارماوەتەوە...

# ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی ژیانئاوایی هاوڕێی کۆمۆنیست "جەلیل شەهباز"

بەرواری ٤ ی ئەم مانگە، هاوڕێ جەلیل عەبدال شەهباز سیمای ناسراوی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، بەهۆی جەڵدەی دڵەوە گیانی لەدەستدا.

هاوڕێ جەلیل، سیمایەکی ناسراوی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوێکی بەرجەستەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ڕوخسارێکی خۆشەویستی جەماوەری بوو. هاوڕێ جەلیل لەگەڵ چرۆ کردنی تەمەنی لاویەوە، بەهۆی ستەم و بێمافی و هەڵاواردنی نیزامی سەرمایەدارییەوە، هەر زوو تێکەڵی کاری سیاسی دەبێت و ڕوو لە مارکسیزم دەکات، لە کۆمەڵەی مارکسی لینینیەوە دەستپێدەکات، بەڵام دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت کەئەم ڕێکخراوە هیچ نزیکایەتی بە بزوتنەوەی ڕزگاری بەخشی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمەوە نییە، واز دەهێنێت و پەیوەندی بە یەکێتی تێکۆشانی کارگەرانەوە دەکات و دەبێتە یەکێک لە کادرە بەرجەستەو هەڵسوراوەکانی، دواتریش لەگەڵ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست درێژە بە کار و هەڵسورانی کۆمۆنیستی خۆی دەدات.

لەدەستپێکی هەڵسوڕان بۆ پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بەشۆڕ و شەوقەوە بەشداری دەکات و دەبێتە یەکێک لە ئیمزا کارانی پێکهێنانی ئەو حزبە و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە درێژە بەکاری کۆمۆنیستی خۆی لەچوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا دەدات.

هاوڕێ جەلیل چ لە زانکۆی موسل و چ لە بادینان و بەتایبەتی شاری دهۆکدا، دەبێتە ڕوخسارێکی دیاری کۆمۆنیست و دواتریش کە دەچێتە دەرەوەی وڵات درێژە بە خەباتی کۆمۆنیستی و حزبی دەدات.

هاوڕێ جەلیل لەو کاتە بەدواوە تا ٤ ی ئەم مانگە کە بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا، وەکو هەڵسوڕاوێکی نەسرەتووی کۆمۆنیزمی کرێکاریی درێژەی بە خەباتی نەپساوەی خۆیدا. لەو کاروانە درێژەی خەباتییدا، زۆر سەختی و ناخۆشی چەشت، هاوکات ڕۆڵی بەرجەستەی لە چەسپاندنی حزبیەت و ناساندنی کۆمۆنیزمی کریکاریی و ڕێگاچارەکانی بۆ دنیای سەرەوخواری سەرمایەداری هەبوو. نەسرەوتوویی و پشودرێژی هاوڕێ جەلیل ئەوی کردبووە سیمایەکی خۆشەویست و ناسراوی جەماوەری و ئەو لەهەر جێگایەک بوایە جێ پەنجەی کۆمۆنیستی خۆی جێ دەهێشت جیا لەوانە هاوڕێ جەلیل لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، کەسایەتی و ڕوخسارێکی خۆشەویست و جێ متمانە بوو. لەسەر هەمان بڕوای قوڵی بە کۆمۆنیزم و حزبیەت و شۆڕشی ڕزگاری بەخشی چینی کریکار لەم ساڵانەی دواییدا پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دامەزراند و کەوتە



هەڵسوڕان بۆ برەودان بەکاری حزب لە دهۆک و ناوچەی بادینان. بە تایبەت لەدواین گەشت و دیداری لەگەڵ ڕابەری حزبدا کە چەند سەعات بەر لە گیان لە دەستدان کۆتاییهاتبوو، بەشۆڕو شەوقەوە گفتوگۆی تێروتەسەل کرا بۆ چۆنیەتی کارکردن و ڕێکخستنی پەیوەندیەکان و برەودان بە کاری کۆمۆنیستی حزبی لە بادینان و بەتایبەتی شاری دهۆکدا. بەداخەوە مەرگی ناوادە کەلێنێکی خستە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە و بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا.


ماڵئاوایی یەکجاری هاوڕێ جەلیل، بەو هەموو ڕۆڵ و نەخشەی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و لەو هەموو تێکۆشانەی لە پێناو دنیایەکی باشتردا، ئەنجامیدا و بەو ئامادەییەی کە بۆ داهاتوو هەیبوو، خەسارەتێکی یەکجار گەورەیە لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ئازادیخوازی، کە پڕ کردنەوەی سەختە.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەکاتێکدا سەرەخۆشی لە خێزان و کەس و کار و دۆست و لە سەرجەم هاوڕێیانی حزبی و تێکۆشەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکەین، بەدرێژەدان بە خەباتی کۆمۆنیستی یادی خەباتکارانەی کۆمۆنیستی هاوڕێ جەلیل بەرز ڕادەگرین.

**بەرز و بەڕێز بێت یادی خەباتکارانەی کۆمۆنیستی هاوڕێ جەلیل**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
٥/٥/٢٠٢٦

# بەشداریی تیمێکی حزب لە کۆنفراسی ڕێکخراوی " وۆرکر لیبەرتی Worker's Liberty" لە لەندەن



لەسەر بانگێشتی ڕێکخراوی وۆرکر لیبەرتی، ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕۆژی ٢٦ ی نیسان/ ئەپریلی ٢٠٢٦ لە کۆنفراسی ساڵانەی ڕێکخراوەکە لە لەندەن بەشداری کرد و هاوڕێیان نوری بەشیرو دەشتی جەمال نوێنەرایەتی ڕێکخراوی بەریتانیای حزبیان کرد. هاوڕێ دەشتی جەمال ووتەیەکی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش بە ئامادەبوانی کۆنفرانس کرد کە جێگای پێشوازی بەشداربوان بوو. لێرەدا دەقی کوردی وتەکەی هاوڕێ دەشتی جەمال بلاو دەکەینەوە:

**هاوڕێیان لە ڕێکخراوی وۆرکەر لیبەرتی**

**ئامادەبوانی کۆنفرانس**

**بەیانیتان باش**

خۆشحاڵم کە وەکو تیمێک لە ریکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە کۆنفرانسەکەتاندا بەشدار دەبین.. هاوکاتیش بەناوی خۆم و هاورێیانمەوە سوپاستان دەکەم بۆ بانگێشتکردنمان بۆ کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوەکەتان. هیوادارم کە پەیوەندی نێوان هەردوولا بتوانێت بە قازانجی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی لە کوردستان و بەریتانیا زیاتر بەرەو پێش بچێت..

**هاورێیان ! بەشداربووانی کۆنفرانس**

وەکو ئاگادارن جیهان بەدۆخێکی سەختی سیاسی و ئابوری و نائارامیدا تێپەڕدەبێت و فەزای جەنگ و میلیتاریزم لە هەموو گۆشەو کەنارێکی جیهانەوە سایەی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کردوە. هێزو جەمسەرە ئیمپریالسیتیەکان بە ئامانجی دوبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزو کۆنترۆلکردنی سەرچاوەکانی کەرەستە خاوەکان و مۆنۆپۆلکردنی بازاری کار و کاڵا، لە کێشمەکێشێکی توند و مەترسیداردان. هێشتا شەڕی ئۆکرانیا کۆتایی پێنەهاتوە، دیسانەوە شەڕێکی دیکەی وێرانکەر ناوچەی بەرۆکی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرتوە و ئەمریکاو ئیسرائیل بەبێ حسابکردن بۆ هیچ یاساو پێوانەیەکی نێودەوڵەتی و بەشێوەی چەتەگەری شەڕێکیان دژی ئێران دەستپێکردوەو هەڕەشە کاولکاری لە تەواوی ناوچەکە دەکەن و تائێستا هەزاران کەسی مەدەنییان لە ئێران کوشتوە دەیان ناوەندی پیشەسازیان کاولکردوە کە سەدان کرێکار تێیدا گیانیان لەدەستداوە یان بریندراو پەککەوتە بوون.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، کە ئەم شەڕە بە هەڕەشە لەسەر مانەوەی خۆی دەزانێ، سڵ ناکاتەوە لە وێرانکاری و ڕاکیشانی ناوچە بۆ شەڕێکی سەراپاگیر. لەنێو ئەم فەزای جەنگەدا کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوامە لە دەستگیرکردن و زیندانیکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی نارازی، سەرکوتکردن و تۆقاندن، لەسێدارەدان و کوشتنی نەیارانی سیاسی و خۆپیشاندەرانی زیندانی لە سەرانسەری شارەکانی ئێراندا.

ئامانجی ئەم جەنگە وێرانکاریە، ئەگەرچی بەڕواڵەت بەرامبەر بە ڕژێمی ئیسلامیەو بیانوی ئەمریکاو ئیسرائیل بوونی موشەکی بالیستی و هەوڵی ئێرانە بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، گوایە بوونی چەکی لەوجۆرە لەدەستی ڕژێمێکی تیرۆریستی وەکو ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا مەترسیە بۆسەر جیهان، بەڵام لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی و ڕاستەقینەی ئەم شەڕە، تەسلیمکردنی ئێرانە بە ئەجندای سیاسی ئەمریکاو لەرێگای ئەوەشەوە شکاندنی لوتی چین و ڕوسیایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەنا ئەگەر ڕژێمی ئیسلامی خەتەرناکە، ئەوا ئیسرائیل سەدجار لەو ڕژێمە خەتەرنکترە کە بە دانپێدانانی نەتەوە یەکگرتوەکان و دادگای دای نێودەولەتی و زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ... دەیان هەزار هاوڵاتی مەدەنی فەلەستینی جینۆساید کردوە کە لەناویاندا هەزاران منال و ژن هەن! ئەم ڕژێمە منالکوژە ئاپارتایدە کە هەرئێستا یاسایەکی پەسەندکردوە بۆ لەسێدارەدانی زیندانیە فەلەستینیەکان، خاوەنی چەکی ئەتۆمیەو ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژواییش پشتیوانی دەکەن!؟ ئەمە بێجگە لە دووڕویی و دەبڵ سیتانداردی چ مانایەکی دیکەی هەیە!؟

ئایا ئەمریکا کە گوایە لەرێگای لەناوبردنی توانای ئەتۆمی و موشەکی ئێرانەوە خەڵکی جیهان لە شەڕی ڕژێمی تیرۆرسیتی وەکو ئێران دەپارێزێت، خۆی تەنها دەوڵەت نیە کە چەکی ئەتۆمی دژی خەڵکی مەدەنی لە یابان بەکارهێناوە؟ ئایا هەر ئەمریکا نیە کە دەیان شەڕی لە جیهاندا بەرپاکردوەو ملیۆنەها مرۆڤی لە ڤێتنام و کەمبۆدیا و کوریاو باقی وولاتانی جنوبی ئاسیا، لە ئەفغانستان، لە عێراق، لە سوریا، یەمەن، ئێران کۆمەڵکوژ نەکردوە!؟ هەرئێستا دۆناڵد ترامپ وەکو سەرۆکی شەقاوەکان باسی ئەوە دەکاتە کە دوای ئێران نۆرەی

کوبایە!؟ ئایا کوبا خاوەنی چەکی ئەتۆم و موشەکی بالیستیە!؟ ئایا کوبا یەک شەڕ و یەک کردەوەی تیرۆریستی لە هێج جێگایەکی دنیا ئەنجامداوە!؟ ئایا تاوانی سەرۆکی فەنزەویلا کە وەکو چەتەی دەریا هەڵیانکوتایە سەری و لە ماڵەکەی خۆیدا بەرەو ئەمریکا رفاندنیان، چ تاوانێکی هەبوو بێجگە لەوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا هاوئاواز نەبوو؟

ئەم شەڕەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەرپاکراوە، تەنها وێرانکاری بۆ ناوچەکە نەهێناوە، بەڵکو بوەتە هۆی کارەسات بۆ سەرجەم چینی کرێکار و جەماوەری کەمدەرامەتی ئەوروپاو جیهان بەگشتی. گرانبوونی نرخی پێداویستیە زۆر سەرەتاییەکانی رۆژانەی هاولاتیان بەشێوەیەکی رۆکێتی و شکاندنەوەی ئەو قەیرانە. سەبارەی قەیرانە بەردەوامە ئابوریەکانی پێشووتر، بەسەر شانی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەش و کەمدەرامەتدا لەلایەن دەوڵەتانی بۆرژوازیەوە لە ئەوروپاو ئەمریکا و سەراسەری دنیا، ژیان و گوزەرانی ئەو خەڵکەی بەرەو دۆخێکی زۆر خراپ پاڵپێوەناوە. ئەم دۆخە پێویستی بە دەوری چالاکی ئێمە کۆمۆنیستەکان هەیە، چینی کرێکار و جەماوەری هەژار و کەمدەرامەت پێویستی بە دەوری ڕابەری کۆمۆنیستەکان هەیە بۆئەوەی ئەم بەڵایەی لەکۆڵ بێتەوە. ئەم ئەرکەش ئەوە لەئێمە دەخوازێت کە تا ئەو ئاستەی بەرپرسیارێتیە گۆڕانکاری لە خۆماندا بکەین کە بتوانین وەکو لینین و بەلشەفیەکان وەلامدەرەوەی سەردەمی خۆمان بین!

هیوادارم ئەم کۆنفرانسە و باس و بڕیارەکانی بتوانێ هەنگاوێک بێت بەرەو ئەو ئاراستەیە

سەرکەوتووبن

سوپاستان دەکەم

**بژی هاوپشتی چینی کرێکاری جیهانی**

**بژی هاوپشتی کۆمۆنیستی**

# بژاردەی جەنگ و قەیرانی سەرمایەداری!

کاوە کەریم

مەرج نییە قەیرانەکانی سەرمایەداری تەنها ڕووداوێکی سادە بن یان تەنها لەسوڕی سەرمایەدا ڕووبدەن، بەڵکو قەیرانەکان دەربڕینی دژایەتییەکی ناوەکی سیستەمەکەن، کەپشت دەبەستێت بەئیستیغلالکردنی هێزی زیندو(چینی کرێکار) بۆ بەردەوامی کاری مردوەکان (سەرمایەداران).

بەرهەمهێنان کۆمەڵایەتییە چونکە ملیۆنان کرێکار بەکۆمەڵ کاڵا بەرهەمدەهێنن، بەڵام ئامانجەکە تایبەتە و قازانج بۆ سەرمایەدارەکان دەڕوات. لەهەمان کاتدا کێبڕکێ سەرمایەدارەکان پاڵدەنێت بۆ وەبەرهێنان لەئامێرو تەکنۆلۆژیادا، ئەمەش بەرهەمهێنان بەرزدەکاتەوە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و لەدرێژخایەندا بەرەوڕووی مەیلی دابەزینی ڕێژەی قازانج دەبێتەوە. کاتێکیش ئەمە ڕوودەدات، سەرمایە بەشێوەیەک کەڵەکە دەبێت کەناتوانرێت بەشێوەیەکی بەرهەمدار وەبەربهێنرێتەوە، بۆیە پێویست دەبێت بەهای بەشێکی سەرمایە دابەزێنرێت، ئەمەش بەداخستنی کارگەکان، مایەپووچی کۆمپانیاکان، لێرەدا سەروەت و سامانەکان بەهاکەیان لەدەستدەدەن. لەم نێوەشدا هەندێکجار جەنگ دەبێتە یەکێک لە توندڕەوترین میکانیزمەکان بۆ ئەم بێبەهاکردنە. لەم نێوەشدا نەک سەرمایەی نەگۆڕ(ژێرخانی، توانای پیشەسازی)، بەڵکو کاڵاکان (تەنانەت هێزی کاریش) لەناودەچێت. سەرەنجام دووبارە پێویستی پەیوەندییە ئابورییە جیهانییەکان بۆ ڕێکخستنەوە دێتە مەیدان و هەلومەرجێک دروست دەکات بۆ دووبارە وەبەرهێنانەوە و گەڕاندنەوەی ئاستی ڕێژەی قازانج. بەم مانایە جەنگ شتێکی دەرەکی نییە بۆ سیستەمی ئابوری سەرمایەداری؛ بەڵکو درێژەپێدەرێک و بەردەوامیەکی توندوتیژانەی پرۆسەی قەیرانەکانە بەڕێگەی دیکە. ئەمەش خاڵێکی سەرەکییە لەپەیوەند بەقەیران و جەنگەوە.

فاکتۆرێکی دیکەی گرنگیش هەیە لەم پەیوەندەدا، ئەوەش لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، زاڵبوونی قۆرخکاری و سەرمایەی دارایی دێتە ئاراوە، کەنەک تەنها لەناوخۆدا بەڵکو لە ئاستی جیهانیدا بەدوای قازانجدا دەگەڕێن و هەناردەکردنی سەرمایە دەبێتە شتێکی بنەڕەتی. بەڵام سنووری جیهان و دابەشبوونی بازاڕ و سەرچاوەکان سنووردارە لەنیو زلهێزەکاندا، کە دووبارە کێشەی نوێ دروستدەکات. بۆیە ململانێ بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی بازاڕی جیهانی توندتر دەبێتەوە. لێرەدایە بژاردەی جەنگ دەبێتە یەکێک لە بژاردەکان، نەک تەنها ململانێی جیۆپۆلەتیکی، بەڵکو پێکدادانەکانی نێوان بلۆکی سەرمایە بۆ یەکالاکردنەوەی کێشەکە.

کەواتە بژاردەی جەنگ لەسەردەمی قەیراندا بۆ سیستەمی سەرمایەداری تەنها هەڵبژاردنێکی سیاسەتێک یان تەنانەت کێبڕکێی نێوان دەوڵەتەکان نییە، بەڵکو وەک دەرئەنجامێکی سیستماتیکی پێویستی سەرمایەداری بۆ چارەسەرکردنی دژایەتییەکانی خۆی- لەڕێگەی لەناوچوون و ڕێکخستنەوە و کەڵەکەبوونی نوێ لەسەر ئاستی جیهانی.

لەکاتی قەیرانی ئابوریدا ئەرک و ڕۆڵی دەوڵەتانی سەرمایەداری زیاتر دەردەکەوێت. کاتێک میکانیزمە ئاساییەکانی دەستدەکەن بەشکست یان سەرکەوتوو نابن، دەوڵەت مەیلی دەستوەردانی ڕاستەوخۆتری هەیە بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمەکە. ئەرکی ڕزگارکردنی پیشەسازییە شکستخواردووەکان یان دامەزراوە داراییەکان دەگرێتە ئەستۆ و هەوڵدەدات نائارامییەکانی کار سەرکوت بکات، یان سەرچاوەکان بگوازێتەوە بۆ ئەو کەرتانەی کە گرنگن بۆ گەڕاندنەوەی قازانج. بەڵام جەنگ نوێنەرایەتی فۆرمێکی

توندڕەوی ئەم دەستێوەردانە دەکات. چونکە دەوڵەت دەتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ژیانی ئابوریدا بکات، بەرهەمهێنان بەشێوەیەک ئاراستە بکات کە گەرەنتی خواست بۆ کاڵای سەربازی دابین بکات. واتە جەنگ دەتوانێت بە شێوەیەکی کاتی بەسەر ئانارشی سەرمایەداریدا زاڵ بێت بە هەماهەنگیکردنی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستێکی بەرفراوان.

قەیرانەکانیش پرۆسەی ناوەندگەرایی سەرمایە خێراتر دەکەن، کۆمپانیا بچوکەکان مایەپوچ دەبن یان ناچاردەبن موڵک و سامانەکانیان هەرزان فرۆش بکەن، لەکاتێکدا کۆمپانیا گەورەکان، ئەوانەی کە یەدەگێکی زیاتریان هەیە، دەستراگەیشتنێکی باشتریان بەدارایی هەیە، یان پشتگیرییەکی بەهێزی دەوڵەتیان هەیە، دەتوانن ئەو کەرتە شکستخواردووانە بکڕن و باڵادەستی خۆیان فراوانتر بکەن، یان بەواتایەکی تر "هێزە گەورەکان بچووکەکان قووت دەدەن". ئەمەش ئەوەیە کە مارکس بە "ناوەندگەرایی سەرمایە" وەسفی دەکات، کە توێژێک لە سەرمایەدارەکان بەشێکی گەورەتری ئابووری کۆنترۆڵ دەکەن. بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان دوو پرۆسەی پەیوەندیداردا، یەکەم چڕبوونەوەی سەرمایە، ئەمەش بەمانای گەشەی تاکە کۆمپانیاکان لەڕێگەی کەڵەکەبوونەوە وەبەرهێنانەوەی قازانج، دووەم، "ناوەندگەرایی سەرمایە"، ئەمش بەمانای گەشەکردن لەڕێگەی یەکگرتنەوە، دەستبەسەرداگرتن و لەناوبردنی ڕکابەرەکان. لەبوونی قەیرانەکاندا بە تایبەت پرۆسەی دووەم خێراتر دەکەن. ئەمەش بەتەنیا ڕووداوێک نییە، بەڵکو میکانیزمێکە کەچۆن سیستەمەکە خۆی دادەڕێژێتەوە دوای تێکچوون. کەواتە بیرۆکەکە تەنیا وەسفکەر نییە- پێکهاتەیەکییە: قەیرانەکان تەنیا سەرمایە لەناو نابەن، بەڵکو ڕێکدەخەنەوە بۆ دەستی کەمتر و گەورەتر و بەهێزتر. ئەم لەناوچوونە بەمانایەکی سادە ئامانجێکی بە ئەنقەست نییە، بەڵکو دەرئەنجامێکی سیستەماتیکە. سەرمایەداری ناتوانێت هەموو هێزە بەرهەمهێنەرەکانی ئێستا بپارێزێت ئەگەر قازانجیان نەبێت. کەواتە بۆ ئەوەی قازانج بگەڕێتەوە، دەبێت بەشێک لەو توانایە نەهێڵرێت، بەهای کەم بکرێتەوە، یان ڕێکبخرێتەوە. ئەمەش دژایەتییەکی بنەڕەتی ئاشکرا دەکات، سیستەمێک کە توانای بەرهەمهێنانی زۆری هەبێت، لە کۆتاییدا ئەو توانایە لەناو دەبات یان بەفیڕۆ دەدات، چونکە سیستەمەکە بە قازانج بەڕێوەدەچێت نەک پێویستی مرۆڤ.

لەجەنگدا، کارگە و ژێرخان و شارەکان بە شێوەیەکی فیزیکی لەناو دەچن، بەشێکی زۆری هێزی کار لەناودەچن، یان یان ئاوارە دەبن، تەواوی پیشەسازییەکان و تۆڕە ئابورییەکان دەڕووخێن. ئەم جۆرە لەناوبردنە، وەک لە جەنگی جیهانی دووەمدا بینراوە، سەرمایەی "زیاددەڕۆیی" یان بێ قازانج بە قەبارەیەکی بەرفراوان پاکدەکاتەوە. دواتر ئاوەدانکردنەوە دەرفەتی نوێ بۆ وەبەرهێنان و قازانجی زیاتر و فراوانبوونی ئابوری نوێ دروستدەکات.

کاتێک دەڵێن جەنگی سەرمایەداری یەکێکە لە بژاردەکان بۆ لەناوبردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، بە تایبەت لە قەیرانە قووڵ و سیستماتیکییەکاندا. کەواتە کاتێک دەوترێت سەرمایەداری "لە ڕێگەی جەنگەوە هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەناو دەبات"، مەبەست ئەوەیە کە شەڕ توندڕەوترین و چڕترین دەربڕینی پرۆسەیەکی فراوانترە کە لە ئێستاوە لە قەیرانەکاندا ئامادەیە: پێویستی سیستەمەکە بۆ نەهێشتن یان بێبەهاکردنی توانای بەرهەمهێنانی هەبوو لە پێناو گەڕاندنەوەی قازانج و دەستپێکردنەوەی کەڵەکەبووندا.

بەڵام مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە بۆرژوازی هەمیشە بە ئاگادارییەوە جەنگ وەک چارەسەرێک هەڵدەبژێرێت. بەڵکو کە لۆژیکی سیستەمەکە وا دەکات کە ئەم جۆرە دەرئەنجامانە لە ژێر فشارێکی زۆردا زیاتر ڕوو بدەن. جەنگ دەبێتە یەکێک لەو ڕێگایانەی - شانبەشانی ئیفلاس و بێکاری و دابەزینی بەها - کە سەرمایەداری لە ڕێگەیەوە قەیرانەکانی چارەسەر دەکات. ئەمەش بەمانای ئەوەی جەنگ دەتوانێت وەک هێزێکی بەرپەرچدانەوەی بەرفراوان بۆ دابەزینی ڕێژەی قازانج و کەمکردنەوەی بەهای گشتی سەرمایە کار بکات.

هەروەها جەنگ بارودۆخی ئیستغلالکردنی کار لە قاڵب دەداتەوە. دەتوانێت بزووتنەوە کرێکارییەکان لاواز بکات، دیسپلین بسەپێنێت و لەهەندێک حاڵەتدا کرێ کەم بکاتەوە یان چڕی کار زیاد بکات. بەو پێیەی قازانج لە کۆتاییدا لە زیادەی کارەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ گەڕاندنەوەی قازانج.

لەم گۆشەنیگایەوە، شەڕ تەنیا وێرانکاری نییە- هاوسەنگکردنەوەی توندوتیژانەی مەرجەکانی قازانجکردنە. یارمەتی چارەسەرکردنی ئەو دژایەتییە دەدات کە بەهۆی دابەزینی ڕێژەی قازانجەوە دروست دەبێت. ئەمەش بەمانای کەمکردنەوەی بارستەی سەرمایەی زیادە کەڵەکەبوو و زیادکردنی ڕێژەی ئیستغلالکردن، هەروەها کردنەوەی ڕێگای نوێ بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە.

هەروەها ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژیی چارەنووسسازی تریش هەیە لەم نێوەندەدا، قەیرانە توند و قوڵەکانی سیستەمی سەرمایەداری هەندێک جار دەبنە هەڕەشە بۆ سەر خودی سیستەمەکە، ئەویش لەئەنجامی نارەزایەتی چینی بەرهەمهێنەرەوە لەبەرانبەر بەرئەنجامی قەیرانەکە، ئەمش ڕێگا خۆش دەکات بۆ ڕادیکاڵبوونی ئەو چینە. ئەمەش هەڕەشە لەبوونی سیستەمەکە دەکات، بۆیە جەنگ یارمەتیدەرە بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوەی ئەم هۆشیارییە، دژایەتی چینایەتی بە یەکێتی نەتەوەیی دەگۆڕێت. ئەمەش بەمانای گۆڕینی شەڕی چینایەتی بۆ ناوەوە بۆ جەنگێکی دەرەکی. چینی کرێکار نەک دژی سەرمایە، بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەت-نەتەوە کە دواجار نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە بۆرژوازییەکان دەکات، کۆدەکرێنەوە.

★

# چالاکیەکانی ڕێکخستنەکانی حیزب بە بۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی یەکێتی و هاوپشتی چینی کرێکارەوە!

## ئامادەکردنی؛ نوری بەشیر

**کوردستان:**

ئەمساڵ یەکی ئایاری کوردستان بە خواست و داواکاریەکانی کرێکاران و ئاڵای سورەوە دەنگێک بوو بۆ داواکردنی مافەکانی کرێکارانی لە دۆخی نامەهواری جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل دژی ئێران کە ژیانی کرێکاران بەتایبەتی و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانی بەشێوەیەکی گشتی ڕوبەرووی هەژاری و نەبوونی لەڕادەبەدەر کردۆتەوە. شایانی ووتنە چالاکیەکانی کوردستان لەلایەن کۆمیتەکانی یەکی ئایارەوە بەڕێوەبراو ڕێکخستنەکانی حزب لە سلێمانی و کەرکوک و هەولێر بەشێوەیەکی چالاکانە تێدا بەشداریان کرد و هەروەها چەندین دروشم و لافتەی حزبیان هەڵواسی کە خواستە کرێکاریەکانی حزبی لەخۆ گرتبوو.

هەروەها چاوپێکەوتنی هاوڕێیان شاباز مەحمود و مەحمودی حەلاق لە راقەی ڕۆژدا لەسەر دۆخی کرێکارانی کوردستان ئەنجامدا. سەرەڕای ئەو چالاکیانە، لەبازیان پانێلێک بەڕێوە چوو بەبۆنەی یەکی ئایارەوە کە

لەم پانێڵەدا هەریەکە لە قائیمقامی بازیان، دەنگی کرێکار، ڕێکخراوی دابین و سەندیکای کرێکاران، بەشدارییان تێدا کرد... بەئامادەبونی چالاکوانان و پارێزەران و کرێکاران و بەشێک لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی سنورەکە ...ئەم پانێڵە لەلایەن بازیان پریسەوە ڕێکخراوبوو .

**دەرەوەی وڵات:**

کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و یەکێتی کرێکاریەکان و ئازادیخوازانی جیهان" نا "یان بۆ کارنامەی سەرمایەداری بەرزراگرت، بەدژی ئەو هەلومەرجەی کە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا سەپاندویانە، هاوکات لەپاڵ ئەم هێزە فراوانە ملیۆنیەی جیهانیەدا، ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەدەرەوەی وڵات دەنگیان خستە پاڵ دەنگ و ڕیزی ملیۆنی بەرگری لە مرۆڤایەتی، بەشداری چالاکانەیان کرد.

**فنلاندا:**

ڕێکخستنی فینلاندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەشداری لە مارشی ئایاری هێلسینکی کرد، بە بەرزکردنەوەی کۆمەڵێک دروشم و وێنەی مارکس. هەروەها لەگەڵ چەندین لایەن و ڕێکخراوی جیاواز پەیوەندی بەسترا و گفتوگۆکرا.

**کەنەدا:**

ئێوارەی ١ی ئایار ڕێکخستنی حیزب لە کەنەدا و لەشاری تۆرنتۆ بەشداریانکرد لە چالاکیەک کە لەلایەن بەشێک لە کرێکاران و کۆمۆنیست و ئەنارشیست و سۆشیالیستەکانی ئەو شارە




ڕێکخرابوو. جگە لەقسەوباسکردن سەبارەت بە هاوپشتی و هاوخەباتی چینی کرێکارو داخوازەکان، ئیدانەی جەنگی ئەمەریکاو ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا کرا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی حیکمەتیست خەتی ڕەسمی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چادرێکیان هەڵدابوو کە ناوی حیزب و شیعارەکان و پلاکاردەکانی لەسەر دانرابوو. بەیاننامەی حیزبیش سەبارەت بە ١ی ئایار بەزمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی فراوان بڵاوکرایەوە لەلایەن هاوڕێیانی حیزبەوە قسەوباس لەگەڵ بەشێک لە چالاکوان و کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکانی کەنەدا ئەنجامدرا و توانیان حیزب ئاشنابکەن پێیان، لە ڕووی بەرنامەو سیاسەتەکانیەوە. هەر لە نێو چادرەکەوە بڵندگۆی حیزب دانرابوو ناوبەناو سروودی ئەنتەرناسیۆنال و سروودی کرێکاری لێدەرا.

**سوید:**

بە هاوبەشی ڕێکخستنەکانی سویدی: هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەگەڵ RKPپارتی کۆمۆنیستی شۆڕشگێر لە سوید کاتژمێری ١١ لە مەیدانی نیتۆریەت لە شاری ستۆکهۆلم کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ڕیکخرا پاشان کاتژمێری ١٢ ی نیوەڕۆ بە ڕێپێوان و وتنەوەی چەندین دروشم لە دژی نیزامی سەرمایەداری و وە لە دژی جەنگ و لە دژی ڕەگەزپەرستی بە شەقامە سەرەکیەکانی شاردا تا گۆڕەپانی یارنتۆریەت کە دەکەوێتە ناوەندی شار (ستۆکهۆڵمی کۆن) بەردەوام بوو... وە کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆ بە وتنی سروودی ئینترناسیونال لەلایەن ئامادابوانەوە کۆتاییهات، شایەنی باسە هاوڕێ ڕێنوار جەبار بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی سویدی حیزب وتەیەکی بە زمانی سویدی پێشکەش کرد و لە ووتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە:" سەرمایەداری دەیان ساڵە هەوڵ دەدەن بڵێن کۆمۆنیزم



کۆتاییهاتووه، هەوڵیان داوه ئەمە بکەن بە باوەڕی کرێکاران و خەڵک. بەڵام ئێمە ئێستا پێیان دەڵێین کۆمۆنیزم لێرەیە و لە ئایندەیشدا سەردەکەوێت." هەروەها لەبەشێکی دیکەی وتەکەیدا ووتی:" سەرمایەداری لە قەیرانێکی قووڵدایە و هەموو دەیزانین و هەموو ڕۆژێکیش هەستی پێدەکەین، شەڕو برسێتی هەموو دنیای خستوتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، لێرەش، لە ١٠ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس نزیکەی ٥٠٠ هەزار هەژارن، ئەمە جێگای شەرمە." هەروەها ووتی :"هیچ ڕیفۆرمێک ناتوانێت ئاڵوگۆڕ لە نیزامی سەرمایەداریدا بکات، ئەم سیستەمە ئەبێت کۆتایی پێبێت، بەڵام ئەم نیزامە هەر لەخۆیەوە کۆتایی نایەت، تەنها چینی کرێکار و شۆڕشی کۆمۆنیستی دەتوانێت کۆتایی بەم سیستەمە بهێنێت"

هەروەها هاورێیانمان لەشاری مالمۆ لە باشوری سوید بەشداری چالاکیەکانی ئایار بوون لەگەڵ هەمان حیزب.

**ئوسترالیا:**

ڕێکخستنی ئوسترالیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ڕێپێوانی ئایار لە شاری سدنی بەشداری کردو دروشم و لافتەکانی حزب لەلایەن هاورێیانەوە بەزرکرانەوە.

**نەرویج:**

یەکی ئایار لە فردریکستاد:

ڕێپێوانی ئایار لەbombodplassenوە لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ دەستپێکرد پاش وتنەوەی چەندین شیعار لەلایەن ئامادەبوانەوە بەرامبەر بە باری خراپی ژیانی ئابوری و نا ئەمنی، ڕێپێوانەکە گەشت بەStortorveلەلایەن نوێنەری کۆنفیدراسیۆنی یەکێتیە کرێکاریەکانەوە چەندین کەسایەتی سیاسی حزب و ڕێکخراوەکانەوە قسەو و باسیان کرد.ڕێکخستنی نەرویجی حیزب لەم چالاکیەدا بە دوروشمی تایبەت بەشداریکرد.

**ئەڵمانیا:**

**شاری کالسرۆ**- ڕۆژی یەکی ئایار لە شاری کالسرۆ لە کاتژمێر ١١ی بەیانی کۆبونەوەی کرێکاری و جەماوەری لە( فێست پلاتز) سازدرا، ئەم کۆبونەوەیە لەلایەن یەکێتی سەندیکا کرێکاریەکانی ئەڵمانیایەوە ڕێکدەخرابوو. بەدوای پێشکەشکردنی چەند وتارێک ئامادەبوان بە ڕێپێوان بەرەو سەنتەری شار لە ( مارکت پلاتز ) بەرێکەوتن لەوێش لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، ئاهەنگ و مەراسیمی یەکی ئایار دەستپێکرد. ڕێکخستنی حزب لە شاری کالسرۆ بە دانانی مێزکتاب و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بەزمانی ئەڵمانی بەشداری لەم مەراسیمەدا کرد.

**شاری کۆلن**- هاوشێوەی ساڵانی ڕابردو یەکێتی سەندیکا کرێکاریەکانی ئەڵمانیا لە شاری کۆلن بە بۆنەی یەکی ئایا ڕۆژی جیهانیی چینی کرێکار، مەراسیم و ئاهەنگ و ڕێپێوانی کرێکاری و جەماوەری سازدرا. سەرەتا لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی کۆبونەوەی کرێکاری وجەماوەری لەبەردەم بینای یەکێتی سەندیکا کرێکاریەکانی ئەڵمانیا لە (هانز بۆکلە پلاتز)دەستپێکرد، پاشان کاتژمێر ١١ ڕێپێوانی جەماوەری بە نێو شاردا بەرەو سەنتەری شار لە ( هۆی مارکت) بەرێکەوت.پاشان لە کاتژمێریەکی پاش نیوەرۆ مەراسیم و ئاهەنگی یەکی ئایار بە پێشکەشکردنی وتار و موزیک و چەندین چالاکی هونەری جیاواز بەڕێوەچوو.ڕێکخستنی حزب بە دانانی خەیمەیەک کە دروشمەکانی حزبی بەزمانی ئەڵمانی لەسەر هەڵدەواسرێت، بەشداری لەم چالاکیەدا کرد.

**بەریتانیا:**

ئایاری ئەمساڵ لە لەندەن خرایە ٤ی ئایارەوەوئەم گۆڕانکاریە لە نەریتەکانی ١ی ئایار کە هەموو ساڵێک لەلایەن کۆمیتەی یەکی ئایار ڕێکدەخریت بە ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو بەشێکی گرنگە لەشێوازی ئەوەی کە سەدەیەک تێدەپەڕێت بەسەر مانگرتنی گشتی ساڵی ١٩٢٦ ی کرێکاران نیشانیاندا، کە کرێکاران گۆرانکاریی ئەرێنی دەکەن، ئەوان پێداگریانکرد سەد ساڵ بەر لە ئێستا ئەمە بووین وە ٢٠٢٦یش بەردەوام دەبین.

هەر بۆیە ڕۆژی ٤ی ئایار بە کۆبوونەوە لەبەردەم کتێبخانەی مارکس و دوایی بە ڕێپێوان بەناو ناوەندی لەندەندا بەرەو تراڤلگار سکوێر ڕۆژی ئایار بەرز ڕاگیرا... هەردوو ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق بەشداریان کرد لە پاڵ کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جوڵانەوەی کرێکاریی لەگەڵ ئێران . لافتەی حزب بە دروشمی "چینی کرێکار دژی جەنگ و قەیران ئەجەنگێ لەپێناو ژیانێکی باشتردا" بەرزکرایەوەو هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ دەشتی جەمال و دانیال ڕاندڵ لە یەکێتی کرێکاری RMTو هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست کرا لەسەر خواستەکانی ئایاری ئەمساڵی کرێکاران.

هەروەها هاورێیانی بەشدار لەگەڵ ژمارەیەک لە کۆمۆنیستەکانی بەشداربوو لەسەر تایبەتمەندیەکانی ئایاری ئەمساڵ و پێویستی ڕێکخراوەیی و کاری پییەوەی بەدژی جەنگو ملیتاریزم و راسیزم ، قسەوباسیانکرد.

**دانمارک:**

پارتە چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و کەسایەتی چەپ و کۆمۆنیست کاتژمێر ١١ی سەر لەبەیانی لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانمارک کۆبوونەوەو بە ڕێپیوان بە شەقامە سەرەکیەکانی شاردا تێپەڕین بە وتنەوەی داخوازی و شیعارە ئایاریەکان، کە ئەمساڵ شیعاری سەرەکی دژی جەنگی ئەمەریکا و ئیسرائیل بوو لە گەڵ باشبوونی بژێوی ژیانی کرێکاران و جەماوەری خەڵک بەگشتی. پاشان لە باخچەی فالپارکن کۆبونەوە و هەر پارت و ڕێکخراوێکی کرێکاری لەو پارکە چادرو شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو، ئێمەش لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێر پێکەوە بەشداربووین

# بەشداری هاوڕێیانی حزب لە چەند چالاکی بۆ یادی تیرۆری سەردەشت عوسمان






ڕۆژی ٥ ی ئایار، لە چەند شارو وولات یادی تیرۆری سەردەشت عوسمان کرایەوە، کە لەلایەن دەزگا سیخوڕیەکانی پارتیەوە لەبەردەم کۆلیژەکەی ڕفێنراو دواتر تەرمەکەی لە نزیک موسڵ دۆزرایەوە. لە کوردستان؛ لە سلێمانی و هەولێر، لە بەریتانیا لە لەندەن چالاکی جۆرواجۆر ئەنجام درا.

لە هەولێر و لەسەر گڵکۆی سەردەشت، مەراسمێک سازکراو لە مەراسیمەکەدا هاوڕێ بەکر عوسمان( ناسراو بە ئارام عەلی) برای گەورەی سەردەشت و کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، ووتەیەکی پێشکەش کرد و لەبەشێکی وتەکەیدا ئاماژەی بە هۆکاری تیرۆرەکەی کرد و ووتی:" سەردەشت داوای ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایتی دەکرد و نەیویست وەک "کۆیلە" بژی و بنوسێت. بە سەربەرزی و لەسەنگەری بەرگری لە خەڵک و مافەکانی خەڵک، لەسەنگەری وەستانەوە لە دژی گەندەڵکاران و سەرکوتگەران گیانی بەختکرد". هەروەها لە بەشێکی دیکەی ووتەکەیدا باسی لەو سیناریۆ قێزەونە کرد کە دەزگا سیخوریەکانی پارتی بۆ چەواشەکردنی تاوانەکە ڕێکیان خستبوو، ئەوەی ڕوونکردەوە :" دۆسیەی سەردەشت تەنها تیرۆری جەستە نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی سیستماتیک بوو بۆ تیرۆری کەسایەتیشی. ئەو لیژنە و دادگایانەی کە پێکهێنران، لەبری دۆزینەوەی بکوژان، بوونە کارگەی دروستکردنی درۆ و چەواشەکاری. نەک هەر هەوڵیان دا ناسنامەی "ڕۆژنامەنووسی" لێ بستێننەوە تا قورسایی تاوانەکە کەم بکەنەوە، بەڵکو تۆمەتێکی قێزەوێنی ئەوتویان بۆ داتاشی کە خۆی ئاشکراترین بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی دەسەڵات لە پشتی تیرۆرکردەکەیەوە وەستاوە. ئەو سیناریۆ "قەرەقۆشی"یانەی بۆ تۆمەتبارە دروستکراوەکانیش داڕێژران، هێندە لاواز بوون کە تەنانەت لە نێو هۆڵی دادگای خۆشیان شکستیان هێنا."

لەکۆتایی ووتەکەیدا هاوڕێ بەکر عوسمان پێداگری لەسەر داواکاریەکانی خێزانەکەیان کردەوە سەبارەت بەو تاوانە تیرۆریستیەو ڕایگەیاند:" ئێمە دیسان ڕادەگەیەنین کە دۆسیەی سەردەشت عوسمان دانەخراوە و کراوەیە، بە سیناریۆی ڕیسوا کۆتایی نایەت. بۆیە دیسان پێداگری دەکەین لەسەر:

١/ دادگاییکردنی بکوژانی ڕاستەقینە و ئەوانەی فەرمانیان داوە، هەروەها ئەوانەی دەیانویست بە هەڕەشە و سیناریۆسازی دۆسیەکە تێپەڕێنن.

٢/ سزای یاسایی و مەدەنی بکوژان دەبێت لە دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەندا بێت، نەک لەژێر سێبەری دەسەڵاتی بنەماڵەیی و حیزبیدا."

هەروەها لەلەندەن خۆپیشاندانێک لەبەردەم ئۆفیسی حکومەتی هەرێم لەلایەن گروپی "داکۆک" ەوە سازدرا و هاوڕێیان نوری بەشیر و دەشتی جەمال بەشداربوون و هاوڕێ دەشتی جەمال ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب ووتەیەکی پێشکەش کردو سەرەڕای دوبارە ئیدانەکردنی ئەو تاوانە قێزەونە، پشتیوانی لە داواکاریەکانی خێزانی سەردەشت دووپات کردەوەو ئاماژەی بەوەش کرد کە دەسەڵاتداران لەڕێگای سەرکوتی ڕۆژنامەنوسان و هەڵسوراوانی سیاسی و خەباتکاری دژی دەسەڵاتی میلیشایی دەیانەوێ کۆمەڵگا بێدەنگ بکەن و خۆیان بەردەوام بن لەسەر تاڵانی و دزینی قوتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان.

هاوکات لە سلێمانی هاورێیانی کۆمیتەی سلێمانی حزب بەشداریان لەو گردبووەوەیەدا کرد کە بەو بۆنەیەوە لە پارکی ئازادی بەڕێوەچوو، وە هاوڕێ شاباز محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی کۆمیتە ووتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.